# دەسەڵاتی دادوەری کوردستان پاشکۆیەتی خۆی سەلماند



جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان
دوای ئەوەی بەبڕیارێکی سیاسی و لەچوارچێوەی ڕێککەوتنی(ئێراق-ئەمریکا-تورکیا-هەرێم)دا لیستی هیوا بێبەشکرا لەبەشداریکردن لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا. ئێمە وەکو لیستی هیوا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیارە لەلایەک دۆسیەمان پێشکەشی لیژنەی دادوەریی تایبەت بەهەڵبژاردنەکان کرد، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ (پ.چ.د.ک) و ئەو ڕێکخراو و کەسێتیانەی کە پشتیوانی لیستەکەیان دەکرد و کۆمەڵێک ڕێکخراو و لایەن و کەسێتی دیموکراتخوازو بەهەڵوێست و بەشێک لەراگەیاندنەکان هەولمَاندا کە کە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارەدا بچنەوە، هەروەها داوامان لە لیژنەی دادوەریی کرد کە ئەوان سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و نەبنە بەشێک لەم بڕیارە ناڕەوایە. بەڵام بەداخەوە لیژنەی دادوەریش بووە بەشێک لەو پرۆسە ناڕەوا و نادیموکراتییەو وەکو ئەکتەرێکی گوێ ڕایەڵی دەسەڵات ئەو بڕیارەی پەژراند. دەسەڵاتی هەرێمیش لەبەرامبەر ئەم بێ ڕێزییە بەرامبەر یاسا و ڕێساکانی هەڵبژاردن هەتا ئێستا بێدەنگن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەوان خۆیان ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لەگەلاڵە کردنی ئەم بڕیارەدا و ئەمەش بۆخۆی دەبێتە پەڵەیەکی ڕەش بۆ پرۆسەکە و ئەوە دیاری دەکات کە لە هەرێمی کوردستان و ئێراقدا سەروەری یاسا و ئاسایشی نەتەوەیی بوونی نییە. ئەوەی سەروەرە ئیرادەو داخوازییەکانی هێزە دەرەکیەکانە. ئەمەش گەورەترین بێ ڕێزییە بۆ سەروەری نەتەوەیی و نیشتمانیمان. ئەرکی هەموو مرۆڤێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی و دیموکراتخوازە کە ئەم بێ ڕێزییە پەسند نەکات.

ئازادیخوازان، دیموکراتخوازان
ئێمە وەکو لیستی هیوا ئەم بڕیارە پرۆتەستۆ دەکەین و بەبڕیارێکی نایاسایی و نادیموکراتی دەبینین. ئەم بڕیارە بەشەرمەزاریی دەبینین بۆ دەسەڵاتی هەرێم و ئێراق، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و دەسەڵاتی دادوەریی. ئەم بڕیارە بەپێچەوانەی ئەو بانگەوازیانە دەبینین کە باس لەبوونی سەروەریی یاسا و دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان و ئەنجامدانی کۆنفرانسی نەتەوەیی دەکەن. ئەم بڕیارە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەڵبژاردن هێشتا لەکوردستاندا بەپێی یاسا بەڕێوەناچێت بەڵکو بەپێی داخوازی دەسەڵاتداران بەڕێوەدەچێت. ئەمەش گەورەترین مەترسیە بۆ ئایندەی پرۆسەی دیموکراتیزە بوونی هەرێمی کوردستان و ئێراق. هەروەها ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دەسەڵاتدارانی هەرێم ئامادەنین کە لەزەمینەی دیموکراتیدا بۆ کۆنفرانسی نەتەوەیی کار بکەن. ئێمە لەم بڕیارەدا دەسەڵاتی ئێراق، دەسەڵاتی هەرێم،

کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و دەسەڵاتی دادوەریش بەبەرپرسیار دەبینین و کەسیان ناتوانن خۆیان لەبەرپرسیارێتی کردەوەیەکی قێزەونی بەمڕەنگە بدزنەوە.

دیموکراتخوازان و هاوسۆزانی لیستی هیوا
ئێمە سەرەتا دەستخۆشی لە هەموو ئەو لایەن و کەسێتیانە دەکەین کە پشتیوانیان کردین و پیرۆزباییش لە هەموو هاوسۆزانمان دەکەین کە شەرەفی ئەوەمان پێبڕا ڕووی نادیموکراتی دەسەڵاتی هەرێم هەڵبماڵین و ئەمەش دەسکەوتێکی گرنگەو بەئاسانی ئەنجام نادرێت. وەکو پێشتریش باسمان کردبوو هیچ بڕیارێکی ناڕەوا ناتوانێت لەتێکۆشان ساردمان بکاتەوە، بەپێچەوانەوە سوورترمان دەکات لەسەر خەبات. هەربۆیە لە ئەمڕۆ بەدواوە بە ئەرکی خۆمان و هەموو ئازادیخوازان و دیموکراتخوازان دەزانین کە تێکۆشانی خۆمان چڕتر بکەینەوە هەتا ڕێگە نەدەین ئەم جۆرە ڕەفتارە ببێتە نەریت، لەجێگەی ئەوە ئیرادەی تێکۆشانی جەماوەر بەرەو پێشەوە ببەین. ئێمە لەو باوەڕەشداین کە هیوا لە سەرکەتن بەهادارترە و هیوای ئێمە بۆ تیکۆشانی دیموکراتی زۆرەو باوەریشمان بەخۆمان هەیە و سەرکەوتنیش سەرچاوەی خۆی لەم بەهایانەوە دەگرێت. لەکۆتاییدا ئەوە دووپات دەکەینەوە کە لەپرۆسەیەکی دیموکراتی راستەقینەدا هەموو لایەک سەرکەوتوون و دۆڕاو و براوە نییە، بەڵام لە زەمینەیەکی نادیموکراتیدا براوە و دۆڕاو هەر دۆڕاون. چونکە بەهاکانی دیموکراتی بن پێدەکرێت. ئێمەش لەپێناوی خولقاندنی زەمینەی دیموکراتی و سیستەمێکی دیموکراتدا تێکۆشانی خۆمان بەگوڕتر دەکەین، چونکە دڵنیاین تاکە گەرەنتی سەرکەوتنی گەلەکەمان و پاراستن و مەزنکردنی دەسکەوتەکانی گەلەکەمان بەرقەرارکردنی سیستەمێکی بەمڕەنگەیە.

لیستی هیوا
2009-6-14